پارێزگای هەڵەبجە لە مێژووی شارەکە خاوەنی چەندین یاریزان و بەهرەمەندی بەتوانا بووە لە یارییە وەرزشیەکانی جۆراوجۆر، ئێستاش یاری شەترەنج خەریکە لەم شارە گەشەکردنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و چەندین کورو کچە یاریزانی بەتوانا لەم پارێزگایە دروست دەبن، ساریا بەکر یەکێک لە کچە وەرزشکارە بەتواناکان کە دەیەوێت خزمەتی زیاتر بە شارەکەی بکات لە رێگای وەرزشی شەترەنجەوە و ناوبانگی بۆ خۆی و شارەکەی دروست بکات، ئەو یەکەم کچە ناوبژیوانی نیشتمانیە لە یاری شەترەنج ماوەی ساڵێکە بە هەموو هێز و توانای خۆی دەیەوێت ئەم یارییە ببێتە یەکەم یاری لە شارەکەی ئەو جگە لە ناوبژیوانی کاری سەرپەرشتیار و وەرگێڕانی تایبەت لە بواری شەترەنج دەکات ناوبراو لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٨ی پارێزگای هەڵەبجە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی ئینگلیزی، ئێمە لە نزیکەوە بۆ ئاشنا بوون بە ژیانی وەرزشیی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.



ساریا بەکر تاکە ناوبژیوانی یاری شەترەنج لە پارێزگای هەڵەبجە

# پێم باشە شەترەنج بکرێتە بابەتی خوێندن



*** چۆن بوو خۆت لە نێو دونیای یاری شەترەنج دۆزییەوە؟**

-هەر لە سەرەتایی لاویمەوە کاتێك لە ناو فیلمەکان ئەم یارییە دەبینی زۆرم حەز لێ بوو، بەڵام هیچ شوێنێك نەبوو یان کەسێك نەبوو وا ئەو حەزەم پەرە پێ بدەم و دواتریش بە رێکەوت توانیم کار بکەم و بۆ ئەویە زیاتر لە یاری شەترەنج ئاشنابم.

*** ئاستی یاری شەترەنج چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-لە ئێستادا لە کوردستان هەوڵی باشە هەیە بۆ پێشخستنی یارییەکە و ناساندنی زیاتری ئارەزوو مەندانی ئەم یارییە بۆ ئەوەی ئاستی باشتریش بێت.

*** هەست ناکەی ئاستی کچان وەکو پێویست نییە بەهۆی کەمی کردنەوەی پاڵەوانیەتی لە شارەکانی کوردستان؟**

-بۆ کچان هەموو یارییەك ئاستەنگی خۆی هەیە، پێویستە ئاسانکاری زۆر بۆ یاریزانانی کچ بکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە، پێویستە پاڵەوانێتی بۆ سەرجەم شارەکان بێت نەك تەنیا بۆ کچان بۆ کوڕانیش، چونکە داهاتی سەربەخۆیان نییە بۆ بەشداری کردنیان ئەمە بۆ کچان سەختترە بۆ سەفەر و مانەوە دوو ر لە خانەوادەکانیان.

*** چی بکرێت باشە بۆ باشتربوونی ڕەوشی ئەم یارییە؟**

-من پێم باشە شەترەنج بکرێتە بابەتی خوێندن بەو پێیەی کەوانەی وەرزش هەیە و شەترەنج شوێنی بکرێتەوە لە یەکێك لە بەشە وانەکەدا تا وەك یارییەکانی تر قوتابیان زانیارییان لەسەر یارییەکە هەبێت، پاشان ئاسانکاری بکرێت بۆ پەیوەندی کردن بە یانەکان و بنکەی شەترەنجی لە ناوچەکانیان و پاشتر بتوانن بەشداری پاڵەوانیەتی بکەن.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

-زۆر کەس هێشتا نامۆن بەم یارییە وەکو پێویست نەناسراوە ئەوەش گرفتە بۆ یارییەکە.

***وەکو سەرپەرشتیارێك هەوڵت نەداوە تیپێکی کچان لە پارێزگای هەڵەبجە دابمەزرێنی؟**

-دامەزراندنی تیپی کچان زۆر گران نییە، بەڵام پێویستی بە پێداویستی هەیە لەگەڵ شوێنی گونجاو بۆ ڕاهێنان و فێربوون.

*** لە هەڵەبجە ئافرەتان تا چەند روو دەکەنە ئەم یارییە؟**

-بەو پێیەی من ئاگادارم زۆر کەس پێ خۆشە فێری ئەم یارییە بێت و بێتە ناو یارییەکە ئەگەر دەرفەتیان بۆ ڕێکبخرێت خوازیاری لە کچان و ئافرەتان هەیە بۆ هاتنە نێو ئەم یارییە.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی وەرزشی من هەمیشە وەکو کەسێکی دیاری وەرزشیی بناسرێم لە زۆر بوار کارم کردووە، بەڵام شەترەنج لە هەمووی خۆشترە، چونکە یارییەکی بێ دەنگە.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزش کردن؟**

-کچ پێویستی یەکەمی بە پاڵپشتی خێزانە منیش ئەوەم هەیە لە خانەوادەکەم.

***هەوڵت نەداوە زیاتر ئەم یارییە پێش بخەیت لە ناوچەکەتان؟**

-لە هەوڵداین بۆ پێشخستنی یارییەکە لە ئێستا و لە داهاتووشدا هیوادارم ئێوەش بە چاوی خۆیتان ببینن.

*** هیچ یانەیەك داوای کارکردنی لێ نەکردوویت؟**

-بەڵێ لەگەڵ یانەی خانزاد سەرپەرشتیاری پاڵەوانیەتیم بۆ کردوون لە پارێزگاکەی خۆمان کارێکی باش و سەرکەوتوومان کردووە.

***پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پێشنیاری من بۆ بەرپرسانی وەرزشی ئەوەیە گرنگی بدەن بە وەرزش بە گشتی لە پارێزگای هەڵەبجەو شەترەنج بە تایبەتی، چونکە کاری فکرە بێدەنگییە هەڵچوونی دەروونی ناهێڵێت پێویستە بکرێتە یارییەکی بەربڵاو و گشتگیر.

*** چیت ماوە لە کۆتایدا؟**

- هیوا خوازم هەموو لایەك هاوکاری وەرزش و وەرزش دۆستان بن بە فکری جسمیەکانەوە پاڵپشتی تەواو و ئاسانکاری بکرێت بۆ بەردەوام بوون لەم








# بێکهام:
# بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت خەریک بوو بمفرۆشن بە بەرشلۆنە

دەیڤد بێکهامی ئەفسانەی تۆپی پێی ئینگلیزی ئاشکرایکرد، ساڵی ٢٠٠٣ و بێ ئاگادارکردنەوەی خۆی، ئیدارەی مانچستەر یونایتد لەگەڵ بەرشلۆنە ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی بیفرۆشن.

دوای بەدەستهێنانی شەش نازناوی پرێمەر لیگ و نازناوی چامپیۆنز لیگ، بێکهام هاوینی ٢٠٠٣ پێوەندی بە ریاڵ مەدریدەوە کرد، بەڵام ئەستێرە ئینگلیزییەکە دانی بەوەدانا، کە پێش ئەوەی روو لە ریاڵ بکات، مان یونایتد و بەرشلۆنە لەسەر گواستنەوەی بۆ کامپ نۆ بێ ڕەزامەندی خۆی ڕێککەوتوون.

لەلێدوانێکیدا بۆ رادیۆی BBC، بێکهام گوتی: من لەو کاتەدا نیگەران بووم لەوەی لە ژمارەیەك یاریی وەرزی پێشوو دوورخرابوومەوە، بەڵام هەرگیز پێموانەبوو ئەمە وام لێدەکات، یانەکە جێبهێڵم.

گوتیشی: گوێم لە پڕوپاگەندەی ئەوە بوو، کە مان یونایتد دەیەوێت بمفرۆشێت، من لەگەڵ ڤیکتۆریا لە ئەمریکا پشوومان بەسەر دەبرد و دواتر لە کەناڵی سکای سپۆرتس بینیم، کە مان یونایتد بۆ فرۆشتنی من لەگەڵ بەرشلۆنە ڕێککەوتووە، منیش وتم ئەمە راست نییە و بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری نیم. بەرشلۆنە هێندە دڵنیابوو لە گرێبەستەکە، تەنانەت درێسی بێکهامیان لە بازاڕە فەرمییەکانیان دەفرۆشت. دەشڵێت: راستەوخۆ گەڕامەوە بۆ لەندەن و ویستم قسە لەگەڵ پیتەر کینیۆن و ڕاهێنەرەکەم بکەم، بەڵام ئەو رازی نەبوو، گوتم دەبێت بزانم ئەوەی دەوترێت لەسەر من راستە؟ دواتر پێی گوتم بەڵێ راستە و لەگەڵ بەرشلۆنە ڕێککەوتووین.

دواتر لەگەڵ بریکارەکەم قسەم کرد و پێم گوت ئەگەر بڕیار بێت بڕۆم، ئەوا دەڕۆم بۆ مەدرید، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لەگەڵ فلۆرێنتینۆ پێرێزی سەرۆکی ریاڵ کۆبوومەوەو کۆتاییمان بەهەموو شتێك هێنا.

بێکهام ئاشکراشیکردووە، کە دوای ڕۆیشتنی، ماوەی سێ ساڵ سەیری هیچ یارییەکی مان یونایتدی نەکردووەو زۆر نیگەران بووە لەوەی روویداوە، چونکە ویستوویەتی تا کۆتایی ژیانی وەرزشی لەوێ بمێنێت.



# باوكی سیمیۆنی:
# كوڕەكەم ئەتلەتیكۆ جێدەهێڵێت

كارلۆس سیمیۆنی باوكی دێیگۆ سیمیۆنی ئەرژەنتینی و ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیكۆ مەدریدی ئیسپانی لەسەر داهاتووی كوڕەكەی هاتەدەنگ و دووپاتی كردوە، كە لەداهاتوودا كوڕەكەی ئەتلەتیكۆ جێدەهێڵێت.

لەلێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامەی لا ناسیۆنی ئەرژەنتینی كارلۆس گوتی: كوڕەكەم لە ئەتلەتیۆ مەدرید زۆر دڵخۆشە، بەڵام هەست دەكەم ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێت گۆڕانكاری بكرێت. گوتیشی: پێموایێت داهاتووی سیمیۆنی ئیتاڵیایە، یان ئینگلتەرا دەبێت، بەڵام ناتوانم بڵێم بە دڵنیاییەوە پێوەندی بەو خولەوە دەكات، با ببینین بزانین لە داهاتوودا چی دەبێت.

دەربارەی ئەوەی ئایا سیمیۆنی ڕۆژێك لە ڕۆژان دەبێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین، كارلۆس لە وەڵامدا ڕایگەیاند، ئەو ئێستا حەزدەكات هەموو هەفتەیەك یاری ئەنجام بدات، پێموایێت كاتێك تەمەنی دەگاتە ٥٠ یان ٥٥ ساڵ ئەوكاتە بیر لە ڕاهێنەرایەتیكردنی تانگۆ دەكاتەوە.



# تێری:
# هیواخوازم تا كۆتایی ئەم وەرزە یاری نەكەم

جۆن تێری كاپتن و ئەفسانەی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، هیواخوازە تا كۆتایی ئەم وەرزەی خولی نایابی ئینگلیزی بەشداری یەك یاریی خولەكە نەكات و پێیوایە هاوڕێكانی كارەكانیان بە سەركەوتوویی ئەنجام دەدەن.

لەمیانی چاوپێكەوتنێكیدا لەگەڵ ستیڤن جێرارد بۆ كەناڵی( BT sport)، تێری ئاماژەی بەوەدا بەشداریكردنی ئەو لە یارییەكانی داهاتوودا، پەیوەستە بە خراپبوونی ئاستی هاوڕێكانی، لەبەر ئەوە هیواخوازە شتەكان وەكو خۆی بمێنن، چونكە چێڵسی بەبێ ئەو باشترە. لەو بارەیەوە كاپتنەكەی چێڵسی دەڵێت: پێش هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم كە یانەكەم لە ئێستادا بەرزەفڕێت و ئاستێكی سەرسوڕهێنەر پێشكەش دەكات. دەشڵێت: هەندێك جار تۆ وەكو یاریزان ناتوانیت هیچ شتێك بكەیت، من چوار یاریی یەكەمی پریمەر لیگ بەشێوەیەكی سەرەكی یاریم كرد، بەڵام دواتر دووچاری پێكان هاتم و دواتر بە لیڤەرپول و ئارسیناڵ دۆڕاین، كۆنتیش لێی پرسیم، چەندت پێ دەچێت تا بگەڕێیتەوە؟ دوای ئەوە تیپەكەمان ١٣ سەركەوتنی یەك لەدوای یەكی بەبێ من بەدەستهێنا، ئەمەش شتەكانی قوڕس كردو ناتوانم بە ئاسانی بگەڕێمەوە بۆ پێكهاتەی سەرەكی، قبووڵكردنی ئەمە قورسە، بەڵام پێویستە قبووڵی بكەین. بەرگریكارە ئینگلیزییەكە لەكۆتاییدا ڕوونیكردووەتەوە: كاتێك ڕاهێنەرێكی وەكو كۆنتیت دەبێت كە لە یەكەم ڕۆژەوە ڕاستگۆ بووە لەگەڵم و پێیوتم گوێ بگرە، تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە پێكهاتەی سەرەكی، چونكە كوڕەكان ئاستیان نایابە، من كاتێك ئەمە دەڵێم لە ناخی دڵمە دەیڵێم، بەڕاستی نامەوێت یەك یاریی دیكە ئەنجام بدەم، یارینەكردنی من مانای ئەوەیە تیپەكەم لە سەركەوتنەكانی بەردەوام دەبێت.



# پێنج کچە یاریزانی کورد بایکۆتی هەڵبژاردەی عێراقیان کرد




# یاریزانانی کەرکوک کۆڵ نادەن



# ئەم وەرزە شێروانە بێ گرفتە

تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانەی قەزای کفری لە گەرمیان تاکە تیپی دەڤەرەکەیە کە بەشدارە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەمساڵ تیپەکە جیاواز لە وەرزەکانیتر و پشتی بە کۆمەڵێك یاریزانی لاوی شارەکەی بەستووە، بۆ ئەوەی لە خولی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنێت، هەرچەندە پێشەنگی کۆمەڵەکەی خۆی گرتووە، بەڵام یانەکە ئامانجی گەورەتری هەیە، لەم بارەشەوە کاروان محەمەد راهێنەری یانەی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاسی یاریزانەکان و دەستەی کارگێڕی دەکەم کە ئەمساڵ پاڵپشتییەکی باشیان لێمان کردووە، تا ئێستاش لە ئاستی یاریزانان و تیپەکەمان رازیم کە توانیویانە ئاستی باش پێشکەش بکەن.» لەبارەی گرفتەکانی تیپەکەش کاروان گوتی: «هیچ گرفتێکمان نییە، تەنیا ئەوەیە کە بتوانین بە شێوەیەکی باشتر لە یارییەکانی داهاتوومان سەرکەوین و ئێستاش هیچ گرفتێکی داراییمان نییە، چونکە کارگێڕی تیپەکە هەموو کارئاسانییەکی بۆمان کردووە، بۆ ئەوەی ئێمەش ئەنجامەکانمان دڵخۆشکەر بێت، لە داهاتووشدا کاری زیاتر لەسەر ئەم تیپە لاوە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتر و گەیشتن بە لوتکەی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنین و ساڵ بە ساڵیش خولەکانی کوردستان بەهێز دەبێت، ئێمەش دەمانەوێ سوود لە توانای کوڕانی شارەکەمان وەربگرین.»

لەگەڵ ئەوەی ستافی راهێنەرانی تۆپی پێی کچانی هەڵبژاردەی عێراق شەش کچە یاریزانی کوردی تیپی تۆپی پێی یانەی ئەفرۆدیتی شاری سلێمانی بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکی نێودەڵەتی لە وڵاتی لوبنان، بەڵام کچانی ئەفرۆدیت بەهۆی بانگهێشتنەکردنی راهێنەری تیپەکەیان بڕیاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردەکەیان دا، لەم بارەشەوە عەباس فەرەج راهێنەری تیپی تۆپی پێی کچانی ئەفرۆدیت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە کچانی ئێمە کە لە تواناداا پێشەنگن و شایستەی ئەوەن کە لە ریزی یەکەمی هەڵبژاردەی کچانی عێراق یاری بکەن، بەڵام ئەوان بەهۆی بانگهێشتنەکردنی من لەلایەن ستافی یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی بڕیاری ئەوەیان دا کەوا بایکۆتی هەڵبژاردەی عێراق بکەن، هەر چەندە من زۆر هەوڵم دا لەگەڵ ئەم شەش کچە یاریزانە لە هەردوو ئاستی پێشکەوتووان و یاریزانێکی تازەپێگەیشتووان، بەڵام لە کۆی شەش یاریزانی ئێمە پێنج یاریزانی تیپەکەمان بڕیاری کۆتاییان داوە کەوا هاوشانی شاندی تیپی تۆپی پێی کچانی هەڵبژاردەی عێراق نەبن، چونکە هیچ کات ئەو هەڵبژاردەیە بەکاری تەواو نەڕۆیشتووە و لەسەرەتاوە بە گەندەڵی هاتووە.» گوتیشی: «تاکە خەونی من ئەوە بوو کەوا ئەم کچە یاریزانانەی خۆم لە ریزی هەڵبژاردەکە ببینم، بەڵام ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی کە بەبێ من بەشداری نەکەن، جگە لەوەش من وەکو راهێنەر هەوڵیاندا بانگهێشتم بکەن، بەڵام خۆم رەتمکردۆتەوە کە پێوەندی بەو هەڵبژاردەیەوە بکەم.



هەر چەندە ئەم وەرزەش وەکو سەرجەم وەرزەکانی تری خولی نایابی یانەکانی کوردستان تیپی تۆپی پێی یانەی کەرکووك بەردەوامە لە گرفتە داراییەکانی، بەڵام کوڕانی شارەکەی کەرکووك سوورن لەسەر ئەوەی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بەدەست بهێنن و یانەکەش لە کۆمەڵەکەی خۆی کێبڕکێی یانەکانی دیکە دەکات بۆ ئەوەی بگاتە چوارگۆشەی زێڕین. هەر چەندە یانەکە کۆمەڵێك گرفتی دارایی هەیە کە چەند ساڵێکە بۆی چارەسەر نەکراوە، لەم بارەشەوە دارەوان قادر راهێنەری یانەی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئاستی تیپەکەمان زۆر باش بووە و یاریزانەکانیش خاوەن ئاستی راستەقینەی خۆیانن و بەگشتی تیپەکە چۆتە قۆناخێکی تر لە خولی کوردستان کە ئەویش وەرگرتنی پێشەنگیی یانەکان و سەرکەوتنمانە بۆ چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە، لەگەڵ یاریزانەکانی خۆشمان قسەمان کردووە، کەوا ئیتر بتوانن ئەم ئاستەی ئێستا بپارێزن. ماوەی ساڵێکە تەنیا یەك یاریمان لە یاریگای خۆمان دۆڕاندووەو هەوڵدەدەین ئەوەش چارەسەر بکەین و ئیتر لە یاریگای خۆمان تەنیا بردنەوە ئامانجمان بێت.» لەبارەی گرفتەکانیش دارەوان گوتی: «ئێمە بەردەوام گرفتمان هەبووە. ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت گرفتی ئێمە بەردەوامە ئەگەر یانەکانی دیکەش هیچ گرفتێکیان نەبووبێت، ئێمە هەر هەمان بووە، هەتاکو ئێستاش چارەسەر نەکراوە. یاریزانەکانی ئێمە تەنیا مووچەیان هەیە و هیچ گرێبەستێکیان نییە و مووچەکانیشیان دواکەوتووە، بەس نەفەوتاوە و و هیچ مووچەیەیەکیان لای ئیدارەی یانەکە نەماوە.» لەبارەی ئامانجی تیپەکەش دارەوان گوتی: «ئامانجی هەموو یاریزانەکانی ئێمەیە کە بگەینە چوارگۆشەی زێڕین، ئێمە بە کوڕانی شارەکەمان هەوڵ دەدەین، بەڵام ئەوەی دڵخۆشمان دەکات ئەوەیە کەوا یاریزانانی ئێمە بە رۆحییەتی کەرکووکیانە یاری دەکەن و دەجەنگن لە یارییەکان، بۆیە ئەنجامەکانیشمان وەکو پێویستەو بەهیوای ئەوەشین کە ئەنجامەمان باشتر بێ، با بەرپرسانی سیاسی و حکوومی لە شارەکە ئاوڕێك لە یانەی کەرکووك بدەنەوە .

